یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان
مەکتەبی تەنفیزی
ئەنجومەنی باڵای فەتوا

بسم الله الرحمن الرحيم

إتحاد علماء الدين الإسلامي في كوردستان
المكتب التنفيذي
المجلس الأعلى للإفتاء

ژمارە / ١٥٩ | بەروار / ٢٤ / ٤ / 2020

بابەت: دیاریکردنی نیسابی زەکات بۆ ساڵی 1441هـ
ژمارەی فەتوا: 9 / 2020
بەروار: 29 ی شەعبانی 1441 هـ = 2020/4/23م = 3ی بانەمەڕ 2720ك
جۆری فەتوا: هاوچەرخ
بابەت: پەرستشەکان

## (فەتوای دیاریکردنی نیسابی زەکات)

بسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

قال تعالى: {فاسْألُوا أهْلَ الذِكْرِ إنْ كُنتُمْ لَا تعْلَمُونَ} (سوره النحل: 43).

الحمد لله وكفى، والصلاه والسلام على سيدنا محمد المصطفى، وعلى آله وصحبه والتابعين إلى يوم الدين وبعد:

ئەنجومەنی باڵای فتوا لە هەرێمی کوردستان لە بەرواری 29 ی شەعبانی 1441 کۆچی بەرامبەر 2020/4/23 کۆبونەوەی ئاسایی خۆی ئەنجامدا - بە ئۆنلاین - بە مەبەستی دیاریکردنی بڕی نیسابی زەکات بۆ ئەم ساڵ و چەند بابەتێکی تر، دوای گفتوگۆیەکی تێرو تەسەل لەم بارەیەوە و گەڕانەوە بۆ سەرچاوەکانی فیقهی ئیسلامی، هەروەها ڕاوێژکردن لە گەڵ کەسانی پسپۆڕ لە کاری زێڕنگەري.. هتد ئەنجومەن گەیشتە ئەم فەتوایە ی لای خوارەوە:

بڕی **ئەندازەی نیسابی زەکات**: دیارە پارەی کاغەز لە ئێستادا بە کۆ دەنگی زانایان واجبە زەکاتی لێ دەربکرێت بە مەرجی خۆی وەك عەللامە مامۆستا مەلا عبد الكريمى المدرس (رحمه الله) لە إرشاد الأنام إلى اركان الإسلام یدا ل180 لە سەر مەبحەسی (فائده مهمة) باسی فەرمووەو دەڵێت: "فإذا قلنا انه لا تجب فيه الزكاة لزم هدم ركن من أركان الاسلام، وإبقاء المستحقين في فقر الحال والحرج، فاتفق العلماء في كافة انحاء العالم الاسلامي على وجوب الزكاة فيها كالنقود من الذهب والفضة"، بۆیە ئێستا پارە تەخمین ئەکرێت یان بە (زێڕ) یان بە (زیو)، واتە: ئەوەی بڕە پارەیەکی هەبوو دەگەیشتە ئەندازەی (بیست میسقال) ئاڵتوون، یا (دووسەد دیرهەمی) زیو وە ساڵی بەسەردا سوڕایەوە، ئەوا زەکاتی تیادا واجب دەبێت... ئەنجومەنی باڵای فەتوا دوای گفتووگۆو لێکۆڵینەوەیەکی زۆر لەسەر ئەوەی ئایا لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا نیصاب بە زێڕ یان بە زیو تەخمین بکرێت، بە زۆرینەی ڕای ئەندامە بەڕێزەکانی بە باشی زانی کە بە زێڕ تەخمین و دیاری بکرێت، چونکە قیمەتی زیو لەم سەردەمەدا یەکجار دابەزیوە بەرانبەر قیمەتی زێڕ، کە لە ئێستادا بە (400,000) چوارسەد هەزار دینار مەزندە دەکرێت، هەروەها تەعامولات و ئاڵوگۆڕی فەرمی بە زێڕ دەکرێت نەك بە زیو ، **بۆیە بڕی ئەندازەی (نصاب) زەکات بە دیناری عێراقی لە ئێستادا بە (5.500.000 پێنج ملیۆن و پێنج سەد هەزار دینار) مەزندە دەکرێت. واتە: هەر هاوڵاتیەك ئەم بڕە پارەیەی هەبێت بە دانراوی یان بە مەعروزاتی تیجاری و ساڵی بەسەردا سوڕابێتەوە ئەوا پێویستە لە هەر (ملیۆنێك) بڕی (بیست و پێنج هەزار دینار) زەکات بدات واتە چل یەکی ئەندازەکە.**

والله سبحانه وتعالى أعلم.

وصلى الله على سيدنا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين.

ئەنجومەنی باڵای فەتوا لە هەرێمی کوردستان
29 ی شەعبانی 1441 هـ = 2020/4/23م = 3ی بانەمەڕ 2720ك